**بەڕێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز ، کە ئەمڕۆ سەدام حسێن و داروودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بە تۆمەتی ئەنفال و کیمیا بارانکردنی کورد .**
**چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە ، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە . هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلایکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەڵێ سەرنجی تر ئەمڕۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆ یە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .**
**دەستەی بەڕێوەبردنی دەنگەکان**
September 06
www.dengekan.com

## عەلی مەحموود محەممەد

### 1-دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تا چەند پێوەرو گونجاوە بۆ دادگایی کردنی تاوانباران و کۆ کوژی کورد.

وەڵام : بە بڕوای ئەو دادگایە هیچ گونجاو نییە , لە لایەکەوە نەبووە گەلی قڕکراو دادگای ژینۆسایدکردنی خۆی بداتە دەست دادگایەك نەتەوەی ژینۆسایدکەر باڵادەست بن بەسەریدا , ئەمە مانای ئەوە نییە من نەتەوەی عەرەب هەموو تاوانبار بکەم بە ئەنجامدانی ژینۆسایدکردنی گەلی کورد , بەڵکە گومانم هەیە لەوەی بە بڕیارێك دەرچێت ئەو تاوانە بە کۆمەڵوژی ژینۆساید بداتە قەڵەم , واتا دادگاییەکە لە دەستێکی ئەمیندا نییە .

باشترین چارەسەر ئەوەیە داوا بکرێت دادگاییکردنەکە ڕابگرترێت و بگوازرێتەوە بۆ دادگاییەکی نێو نەتەوەیی , سەرباری ئەوەی دادگای نێو دەوڵەتی جێ متمانەتر و باوەڕ پێکراوترە لە ئاستی جیهانی و تاوانەکە وەك تاوانێکی جیهانی دەناسێنێت , هەروەها بێلایەنە لە دانی بڕیار .

### 2-پرۆسەی دادگاییەکە چۆن دەگوزەرێ و تا چەند تەبایە لەگەڵ خواستی جەماوەری کوردستان و سکاڵای ژیان لێکەوتووان.

وەڵام : هەرچەندە هێشتا زووە بڕیار بدەین , وەلێ تاکو ئێستا ئەوە دەردەخات کە کورد بە قوەتەوە نە هاتۆتە پێشەوە , تیمی پارێزەرانی کورد لاوازن , خەڵکانی ڕابردوو خراپی تێدایە , زۆر جار پرسیارەکانیان بە زیانی قوربانیانە , نەتوانراوە کەڵك لە توانای پارێزەرانی کورد لە تاراوگەو دۆستەکانیان وەربگرن , دیارە ئەمە هەڵەی ئێمەشی تێدایە بیرمان بەلای ئەوەیا نەچووە پێشنیاری لەم چەشنە بکەین , زۆر کەسی وەك کاك شۆڕش حاجیمان هەیە دەکرا کەڵك لە ئەزموونەکانی وەرگرترێت , دەکرا ژورێکی عەمەلیاتی بۆ پاڵپشتیکردنی دادگا پێك بهێنرایا , لەو ژورەوە هەموو گفتوگۆکان و ئاراستەکان دیارییبکرایا .

### 3-ڕەخنەو سەرنجەکانی شەقامی ڕەوەندی کوردی چۆن دەبینن ؟ ئەتوانن چی بگۆڕن لە ڕەهەندی دادگاییەکە؟

وەڵام : شەقام دەتوانێت زۆر شت بگۆڕێت , ئەوە وا سەرۆکی دادگای گۆڕی , هەرچەندە هێشتا شەقام نەهاتۆتە قسە , تەنها چاك و چەند نووسەرێك هەڵوێستیان وەرگرت لەسەر دادوەر , بۆیە دەبێت شەقام لە ئامادە باشیدا بێت , بە وردی چاودێری پەرەگرتنەکانی دادگاییەکە بکات , هێشتا شایەدحاڵە کاریگەرەکانمان بە ڕێوەن , چیرۆکی گەورەمان ماوە گوزارشت لە کارەساتەکە بکات , تەنها پێویستمان بە پارێزەری دڵسۆز , بە ئەزموون , دۆستانی بێگانە هەیە . بەلاتانەوە سەیر نەبێت ئەمڕۆ 19–9 کات ئێوارە پارێزەری قوربانیان پرسیارێکی کرد , ئایا فەوجی خەفیفە چەکی قورسیان پێ بوو ؟ , ئەم پرسیارە تەواو

له خزمەت ئەو جاشانە بوو ئێمە داوای دادگاییکردنیان دەکەین , دیسان پرسیارەکانی دوێنێش بە زیانی پرسەکە بوو , هێشتا ڕۆڵی گەورەی پارێزەران لە دواوەیە , لەو کاتەی نۆرە دێتە سەر تاوانباران و شایەدەکانیان , بۆیە پێویستە چاری ئەم لاوازییە بکرێت .

**4-بۆچی چۆنیەتی بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە ؟**

وەڵام : هەرچەندە من یاساناس نیم , گرانە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ من , بەڵام بەلای منەوە بە ژینۆساید ناسینی دەبێتە هۆی ئەوەی تەواوی پەیوەندی کورد و نەتەوەی سەردەست وەکو دوو نەتەوەی ژینۆسایدکراو و ژینۆسایدکەر بناسرێت , لەوێوە داوای لێبوردن کردن لە گەلی کورد دەبێت واجبی دەوڵەتی عێراقی , لەوێوە ئیتر سەر لەنوێ قڕکردنی گەلی کورد دەچێتە مێژووەوە , ناتوانرێت دەست بۆ کاری وا لە ئایندە ببدرێت, بە گشتی ئەو بڕیارە هەنگاوی گرنگە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی . سەدام ژیرانە وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە وتی : ئەوە عارە بۆ نەتەوەی عەرەب . بە گشتی ناسینی بە ژینۆساید پرسی کورد دەباتە قۆناغێکی زۆر بەرزەوە . لە حالەتێکدا ئەگەر بە ژینۆساید نەناسرێت دەکرێت هانا بۆ بڕیاری دادگای شاری لاهای لە پرسی دادگاییکردنی ئانرات ببرێت , واتا ئیحتیاتێکی گەورەمان بە دەستەوەیە بۆ ئەو شەڕە .